# له خۆپیشاندنی قوتابیان سێ قوتابی بریندار بوون

لەکاتژمێر (6) ی ئێوارەی 2007/12/2 لەبەرامبەر نەبوونی سووتەمەنی و کارەبا قوتابیانی هەردوو بەشی ناوەخۆی (شەقلاوە پالاص و ،شەهرەزاد )کە قوتابیانی پەیمانگای تەکنیکی و مەلبەندی مامۆستایان ی تێدا نیشتەجێن رژانە سەرشەقام و نارەزایان بەرامبەر کەم و کورتیەکانی بەشەناوخۆیەکەیان دەربری ،لە ئەنجام لێك تێنەگەیشتنی خۆپیشاندەران و پۆلیس و ئاسایش پێکدادان روویدا و لەئەنجام سێ لەقوتابیانی خۆپیشاندەر زامدار بوون گەیەنرانە نەخۆشخانەی شەقلاوە و چارەسەری پێویستیان بۆ کرا .دواتر راگرایەتی پەیمانگا هاتنە شووێنی خۆپیشاندەران و بەلێنی ئەوەیان پێدان کەبەزووترین کات کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەن و قوتابیان بلاوەیان کرد .







